# ئەنفال کارەساتێکی تاڵ لە مێژوو ی نەتەوەکەمان

**ڕوناک ئەحمەد**
**کۆلن**
runnak@hotmail.de

**بە درێژایی مێژوو سێ نەتەوە بە مە بەستی توانەوە و لە ناوبردن ، جینۆسایدکراون، کەبریتین لە (ئەرمەن و جوولەکە و کورد)**



ئەرمەنەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە سالی 1915لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە جینۆسایدکران، لە ئەنجامدا ئەو نەتەوە تەفروو تونا بوون، لە ئەمەریکا تا ئووستووراليا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا بلاووبونەتەوە، بێگومان پاشماوەکانی ئەو نەتەوە یە مەبەستمە، لە دوای روخانی یەکیتی سۆفیەت لە سالی 1989 هەرێمی فیدرالی ئەرمینا، سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و ئێستا دەولەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە، ئەوە نزیکی 100 ساڵ دەبێ ئەرمەنەکان بێوچان لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ بە رەسمی ناساندنی جینۆسایدی ئەو نەتەوەیە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە، جولەکەکان لە جەنگی جیهانی دووهەمدا و لەلایەن نازیەکانەوە جینوساید کران و چەندین ملیۆنیان لێ کوژرا بەمەبەستی توانەوەیان، بێگومان نازیەکان بە جولەکەکانی ئەڵمانیاوە نەوەستان، بەڵکو لە هەر وڵاتێکدا کە داگیری دەکرد، بەرنامەی تایبەتی هەبو بۆ لە ناو بردنی جولەکەکان، دوا جار پاشماوەی جولەکەکان لە ئەوروپا بە ناچاری ڕویان لە نیشتمانی دێرینی خۆیان کرد، دەوڵەتی ئیسرایلیان دامەزاند. لە ساڵی 1948دا وێرای ئەوەی ئەلمانیا لە دوای ڕژێمی نازیەوە وەک دۆستی ئسرائیل و جولەکە ڕەفتار دەکات، بەڵام جوولەکەکان بۆ ئەوەی ئەو یادەوەریانە لە بیری نەوەی نوی نە چیتەوە،بەردەوام کار لە سەر پرۆسەی جینۆساید دەکەن، کە بە (هۆلۆکۆست) ناسراوە، کە دوا تر لە ساڵی 1998 دا، (7) ملیار دۆلاریان لە ئەڵمانیا سەند، لە جێرەنجی ئەو دیلە جولەکانەی کە بەبێ کرێ لە کارخانەکانی نازییەکاندا کاریان پێکرابوو .

وەک هەموومان دەزانین کووردیش لە کۆتای جەنگی 8 ساڵەی نێوان هەردوو ڕژێمی دیکتاتۆری کوردکوژی ئیران و ئیراقدا جینۆ ساید کراو بە بەرنامەیەکی دارێژراو و بە 8 پرۆسە کە ناویلێنرابوو (ئەنفال) جێبەجێکرا، کە تیایدا زیاد لە (182) هەزارکەس بێ سەروشوێنکران ودەیان هەزاری تریش کووژراو و دیل و دەست بە سەرو فرۆشراو بە دەوڵەتە عەرەبییەکان، پاشماوەی ئەو خەڵکەش کە مابون لە کەمپە زۆرەملێکاندا دەست بە سەر کرابوون.

کەواتە ئەم( 3) پرۆسەیە، واتە لەناوبردنی هەم جولەکان و هەم ئەرمەن و کوورد لە یەک دەچن، دەولەتی عوسمانی بە ئەرمەنەکانی دەگوت، ئێوە دەستی ئینگلیزن لە ناو وولاتی ئێمەی ئیسلامدا، ئەو کاتە عوسمانیەکان لە گەڵ

ئەلمانیا هاوپەیمان بوون دژی ئینگلیز، پێیان وابوو ئەرمەناکان سوودمەند ئەبن لەو جەنگەدا، ئەلمانیای نازی

دەیووت جوولەکەکان دەستی ئینگلیزو ئەمریکان . لەناوو ئەلمانیا و لە رووی ئابووریوە زۆر سوود مەندبوون.

ئێراقیش هەمان قەوانی لێدەدایەوەو دەیگوت، کوورد پشتگیری ئێران دەکەن و سوود مەندی سەرەکین لەو شەرەدا،

ئەم پرۆسانە لە ئەنجامی دەمار گیری نەتەوەییوە جێبەجێکراون، .چ تورکە عوسمانیکان و چ ئەلمانە نازیەکان و

چ عەرەبە بەعسیەکان، بێگوومان لە پرۆسەی ئە نفالیشدا، حکومەتی بەعسی عەرەبی عێراقیش، بە بەرنامەوە کاری بۆ ئەوە دەکرد کە تۆڵەی خوێنی ئەو هەموو کوژراو بێسەرو شوێنانەی عەرەب، کە لە شەڕی کەنداودا کوژراوو لە ناوبرابوون، بە کورد برێژێ و پارسەنگی دیموگرافی بە قازانجی نەتەوەی عەرەب بشکێنێتەوە، بۆیە ووێرای ئە وەی لەو پرۆسە یەدا، هەتا چەند دەستی گەشت و چەند بۆی کرا لە گەنج و لا ووی کوردی کووشت، دوا تر ئەو ژمارە زۆرەی بە دیلی گرت، زۆربەیان ژن و کچ و منداڵبوون، لە ناو بردنی ئەو توویژانە مەبەستی سەرەکی بەعسییەکان بون، چونکە داهاتووی هەر نەتەوەیەک منداڵە و لە سەر دەستی ژنان و کچان ئەو نەتەوەیە پەروەردە دەبن، بۆیە یەککەسیش لەو ژمارە زۆرەی کچان و منالان نەگەرانەوە .

بەلام هەندێ لە پیرو پەککەوتەکانی بەردا، چونکە ئە وان ئا مانجی ئەو پرۆسەیە نەبوون، ئەوەی جێی سەرنجە
لەم کارەساتانەدا ئە رمەن و جوولەکە بۆ یەکساتیش لە خەبات کۆڵیان نەدا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان، لە یەکەمین
فرەسەتدا ئەو هەلەیان قۆستەوەو چاوەڕێ نەبوون تا لە دەستیان بچێ و سەربەخۆیان راگەیاند، کە بە داخەوە
لە کۆتای سەدەی بیستەمدا گەورەترین سووکایاتی بە کورد کرا، تا ئیستا نە کار کراوە بۆ سارێژکردنەوەی ئاسەوارە ترسناکەکانی
و نە لە روی سیاسیشەوە کاری بۆ کراوە .